# وتووێژ لەگەڵ
# فرمێسک مستەفا

فرمێسک مستەفا، لەدایک بووی ١٩٦٦ لە شاری سلێمانییە. قۆناخەکانی خوێندن، تا دوا ئامادەیی لە سلێمانی بووە، دواجار بۆ خوێندنی شانۆ چووەتە بەغدا و لە زانکۆی بەغدا، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی تەواو کردووە.

دوای تەواو کردنی خوێندنی شانۆ، دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و وەک مامۆستای هونەر و شانۆ لە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان، پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، ئامادەیی خانزادی کچان، دوا ناوەندیی فریشتەی کچان، ناوەندی نەورۆزی کچان، ئامادەیی سلێمانی کچان، دەستبەکار دەبێ. لە چەندین کاری شانۆیی و درامای تیڤیدا نواندنی کردووە. لە گرووپە شانۆییەکانی سالار، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان و نواندنی سلێمانی، بەشداریی چالاکیە هونەرییەکانی کردوون.

هەروەها بۆ ماوەیەک سکرتێری تیپی شانۆی ئەحمەد سالار بووە. لە ساڵی ١٩٩٣ کوردستان بەجێدەهێڵێت و لە ئەڵمانیا خێزان پێک دێنێت و دەبێتە خاوەنی سێ جگەرگۆشە. ماوەی هەشت ساڵ وەک دایک ژیانی تەنیا بۆ خێزان و پەروەردەی کوڕەکانی تەرخان دەکات، بەڵام لە بواری چالاکیی مەدەنی و ڕێکخراوی کلتوریی شاری شتوتگارت کاردەکات. هەروەها وەک نووسەر لە ڕۆژنامەی پەیامی کورد لە شاری بۆن، وتار و کورتە چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠١ دەست دەکاتەوە بە بەشدارییە شانۆییەکانی لە ئەڵمانیا و کوردستان. لە ساڵی ٢٠١٠ دەگەڕێتەوە کوردستان و وەک مامۆستای ڕاهێنەر بۆ ماوەی شەش مانگ بە خۆبەخش لە زانکۆی سەلاحەدین، لە کۆلێژی هونەرەجوانەکان، وانەی پراکتیکی نواندن و دەنگ دەڵێتەوە، دوایی بەگرێبەست بۆ دوو ساڵ دەستبەکار دەبێ.

وەک سەرپەرشتیاری بەشی درامای ڕادیۆ و سیناریست لە ڕادیۆی هێلین کاردەکات، هەروەها وەک نووسەر لە ڕۆژنامەکانی هەولێر و وشە گۆشە دەنووسێت. بابەتەکانی دیکەی لە گۆڤاری ڕامان بڵاو دەکاتەوە و دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕاز دەبێ لە سلێمانی.

هەروەها بێجگە لە بەشداریی نواندن لە شانۆ و دراما‌دا، وەک چالاکی مەدەنی بەشداریی چەندین چالاکیی کردووە. دواجار لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان دەبێتە فەرمانبەر. لە ساڵی ٢٠١٦وە تا ئێستە لەسەر سەکۆی شانۆی ئەڵمانیا وەک ئەکتەر ڕۆڵ دەبینێت. هەروەها وەک چالاکوانی بواری جێندەری کاردەکات و لە ئەنجومەنی هەردوو پارێزگای فێلباخ و شتوتگارت، لە بوارەکانی یەکسانی و سیاسەتی ئینتگراسیۆندا کاری خۆبەخش دەکات.

ڕێکخەر و بەڕێوەبەری دیداری خانمانی شانۆیە.

ئەندامی شانۆی کوردیی ئەڵمانییە لە شاری بۆن بە ناوی Nexsus

هەروەها ئەکتەری میوانە لە هەردوو ماڵی شانۆیی Tri Bühne, Theaterhaus لە شاری شتوتگارت.

*پێشنگ بە تێپەڕینی مەودایەکی زۆر لە نێوان دەستپێکی هونەری شانۆ لە کوردستان و قۆناغە جیاوازەکانی هونەر بە گشتی، زۆربەی هونەرمەندان و مامۆستایانی بواری هونەری شانۆ و نواندن، بوونی بنەمایەکی تیۆری لە هونەری کوردیدا بە پێویست دەزانن و دەشڵێن ئەو بنەما تیۆرییە پێویستی بە ڕۆشنبیریی گشتی هەیە لە بواری نواندنیشدا بەتایبەتی. پێتانوایە ئێستا کورد خاوەنی بنەمای تیۆرییە لە شانۆگەریدا؟*



ڕۆشنبیریی گشتی، بۆ هەموو مرۆڤێک وەک ئەو ئۆکسجینەیە بۆ مێشک دەچێت و بە هۆیەوە چالاکییەکانی بەدەنی و زیهنی گەشەدەکات. بۆ شانۆکار دووجار ئەمە گرنگە، جارێک بۆ خزمەتی خۆی وەک مرۆڤ، جارێکیش وەک شانۆکار بۆ خزمەتی ئەو ڕۆڵەی پێی هەڵدەستێ وەک نواندن، بەهەمان شت بۆ دەرهێنەر و نووسەری درامیش.

تێگەیەشتن لە ژیان دەرئەنجامی ڕۆشنبیرییە.

هەموو زانستێ لە تیۆرییەکەوە سەرچاوە دەگرێ، دوایی پراکتیزە دەکرێت. لە زانستی گەشەکردنی قۆناخەکانی شانۆ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی فەیلەسووفەکان و لەگەڵ سەدەکاندا هاوتەریبی تیۆرییە فەلسەفییەکان وەرچەرخانی بەخۆیەوە بینیووە. بۆ نموونە لە سەرهەڵدانی فەلسەفەی بوونگەرایی، فەلسەفەی داداییەکان، فەلسەفەی سوقرات لە یۆنان، فەلسەفەی مارکیسزم و هتد، چەندین ڕێچکەی بۆ نووسەرانی شانۆ خولقاند و بوونە خاوەنی قوتابخانەی تایبەت بەخۆیان و هێنانە ناوەوەی میتودی جیاواز لە شانۆدا و بەمەیش بواری پراکتیزەی شانۆ بەرفراوانتر بوو. لە شانۆ لە کڵێساکاندا و بۆنەی ئاییینی لە گریکی کۆن، لەسەر دەستی ئەسخیلۆس و یۆربیدس و سۆفۆکلیسدا، گواستنەوەی بۆ قوتابخانەی مەلحەمی بریخت، قوتابخانەی پێشڕەوی بێکێت و جان جینێ و یونسکۆ و ئادامۆڤ. بێ لە چەندین نووسەری جیهانیی دیکە کە شانۆنامەکانیان لەسەر بنەما فەلسەفییەکانی قۆناخە جیاوازەکان نووسیووە، وەک سارتر، نیتچە، کلاسیک لای شکسپیر و زۆر نموونەی تریش هەن .

لە هەمان کاتدا ئەمە بۆ دەرهێنەرەکانیش هەمان شت بووە، کە خاوەنی میتۆدی تیۆریی خۆیان بوون و دواجار پراکتیزەیان کردووە، وەک زاناکانی کارەبا و ماتماتیک و فیزیا و کیمیا بوون. نموونەش مایرهۆڵد لە تەکنیکی جەستە، بریخت لە لابردنی دیواری چوارەم و دارشتنی تێکستی شیعری شانۆیی. شانۆی هەژاری بۆئال، ئەزمونگەری، ئاهەنگسازی و موزیک، شانۆی وێنە، شانۆی کلاسیک، کۆمیدی دیلارتی، شانۆی سیاسی، تەکنیکی نواندن لای ستانیسلافیسکی و چێخۆف و ئۆگستین و چەندینی تریش کە پێشڕەو بوون لە بەرفراوانکردنی پانتاییی تیۆریی زانستی شانۆ و پراکتیزەی ئەو زانستە بە شێوازێکی ئەکادیمیی پتەو. کە شانۆیەکی ڕەسەن بۆ نەوەکان پێکبێت و قوتابییان و ئەماتۆرەکانی شانۆ لەو سەرچاوە تیۆرییانەوە پەرە بە خۆیان بدەن و خۆیان لە شانۆدا بناسن، بەپێی توانا و بەهرە خۆرسکە بایۆلۆجییەکەیان، ڕێگەی خۆیان بدۆزنەوە و بیردۆزی خۆیان لە شانۆدا دەستنیشان بکەن و نمایشەکانیان هەڵبژێرن.

*ئایا کورد توانیویەتی ببێتە خاوەن شانۆیەک بە تایبەتمەندیی کوردییەوە، یان زیاتر هەوڵی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی نەتەوەکانی دیکەی داوە ؟*



شانۆ دەکرێ شناسێک بێت بۆ گەلەکەی خۆی، وەک ئەوەی لە یۆنان، ئیتالیا، نەرویج، سوید و ئەڵمانیا، فەرەنسا، ڕووسیا، ژاپۆن، پۆلۆنیا، بەریتانیا و دواجاریش ئەمریکا هەبووە. لەسەر دەستی نووسەرانی شانۆی هەریەکێک لەم وڵاتانەدا و دروست بوونی شانۆ تێیاندا گرێدراوە بە ڕەوڕەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و، پێشکەوتنی سیاسی و فەلسەفیی هەر یەکێک لەم وڵاتانە، دۆخێکی بۆ نووسەران ودەرهێنەران و ئەکتەرەکانیان خولقاند کە شانۆکەیان شناسی خۆی هەبێ و بەجیهاندا بڵاو ببێتەوە و لە چوارچێوەی ئەکادیمیدا پەیڕەو بکرێ.

شانۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی میراتگری ئەو قوتابخانانەی شانۆن لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێ داون. شانۆی کوردییش یەکێکە لەو میراتگرانەی شانۆی دەرەوەی خۆی. تاکی کورد هەمیشە لە گەڕاندابووە بۆ شناسی خۆی، لە شانۆشدا بە هەمان شێوە ئەمە دووبارە بۆتەوە.

*پێتان وایە شانۆی کوردی توانیویە لەگەڵ نوێبوونەوەی چەمکە هونەرییەکان، بڕەو بە بواری مۆدێرنیتە و نوێبوونەوەی هونەر بدات یان بە هۆی بەردەوامیی دووبارەبوونەوەی لە چوارچێوەی کلتوور و مێژوویەکی دیاریکراودا، ئەو قۆناغەی پشتگوێ خستووە؟*



شانۆی کوردی بە پێی هەلومەرجی سیاسیی ناوچەکە، گۆڕانی بەخۆیەوە بینیووە. دواجار شانۆی کوردی لەچوارچێوەی سیستماتیکی جێبەجێ نەکراوە، هەر بەو شێوە ستراتیجییە تەقلیدییەی لەوەتەی هەیە کار دەکات، کار و پرۆگرامی گرووپە شانۆییەکان و میکانیزمی بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا کلتورییەکانیش بە هەمان شێوەن. ڕاستە لەهەر قۆناخێکدا کۆمەڵێک نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری بە توانا دەردەکەون و خاوەنی میتۆدی تایبەت بە خۆیانن و لە پێناو گۆڕینی ئەو باوە چەندین ساڵەیەی لە شانۆی کوردیدا هەبووە ماندوو بوون. (بێگومان مەبەستم کوردستانی باشوورە، چونکە ئاگاداری ڕەوشی شانۆی بەشەکانی دیکە نیم) بەڵام واقعی ژیانی کورد هێندە سەخت و پەرتەوازەیە، نەیتوانیوە هەنگاوێک یان گۆڕانکاریی گەورە بەخۆیەوە ببینێت. تا میکانیزمی تەکنیکی ئیداری لە شانۆی کوردیدا نەگۆڕێت، ئەستەمە بتوانێ خۆی لە دووبارەبوونەوە دەرباز بکات.

گرنگ نییە شانۆی خۆماڵیی سوننەتیمان هەبێ بڵێین سەربە شانۆی کوردیین. ئەو شانۆیەش سەرچاوەکەی لە تیۆرییەکی جیهانییەوە سەری هەڵداوە، لە شانۆی دیکەی جیهانییشدا هەر وایە. گرێدانی ئێستا و ئێرەیە بەو تێکست و میتۆدانەی لە خودی زانستی فەلسەفەی شانۆدا هەیە، ناوی شانۆی سەردەم یان ئەمرۆکەیە.

ئەوەی بۆ من وەک شانۆکار گرنگە، کورد بەڕێوەبردنێکی سەردەمیانەی شانۆی هەبێ. ئەوی دیکە لە ژێر چارۆکەی ئەو میکانزم و سستەمەدا، قۆناخێکی نوێی سەردەمیانە دەخوڵقێ.

*ئێوە یەکەم بەشداریتان لە شانۆ، لە ساڵی ١٩٨٣ بووە، سەردەمێک کە زەحمەتە بۆ ژن کە بتوانێت لەو کەشوهەوا نامۆ بە ژن و کلتورە سەپێندراوەی کۆمەڵگای کوردیدا بەو شێوەیە لە بوارێکی هونەری وەک نواندن و شانۆدا دەربکەوێت، لەو کاتەوە تا ئێستا چ جیاوازییەک لە نێو گۆڕانکارییەکاندا دەبینین لە کوردستان بۆ پێگەی ژن لە هونەری کوردیدا؟*



لەچاو ڕۆڵی ژن لە بوار و کایەکانی تری ئەمرۆ کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبینرێت، پێگەی ژن لە شانۆی کوردیدا، پێگەیەکی پاسیڤە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونە تەقلیدییەکەی کە لە بەڕێوەبردنی خودی شانۆدا دەبینرێت لە لایەک، لە لایەکی دیکەش خودی ئەو ژنانەی دێنە بوارەکەوە، حەوسەڵەی پەروەردەی خۆیانیان لەو بوارەدا نییە. بەداخەوە دەتوانی بە پەنجەی دەست بیژمێریت کە چەند ژنی جدییمان هەیە لە شانۆدا و چەندی ئەکادیمیمان هەیە!! دەرهێنەر، نووسەر، ڕەخنەگر، تەکنیککاری شانۆ، دیزاینەر، دراماتۆگ، ئەم پسپۆرانە بۆ پیاوەکانیش کەمن، ئەوە بۆ ژنەکان هەر زۆر دەگمەنە. لە ئەوروپادا بە شێوەیەکی بەرفراوان ژنان لە شانۆدا لە پیاوان چالاکترن. لەسەدا شەستی ماڵە شانۆییەکان ژنان بەڕێوەی دەبەن. لە کوردستان کاری بەڕێوەبەرایەتی، بەگشتی نەک هەرلە شانۆدا، لە دامودەزگاکانی تریشدا، بەزۆری تەنیا بۆ پیاوەکانە. دوو گرووپ هەن بەڕێوەبەریان ژنن. گرووپی شانۆی با و شانۆی هاورێیانی گەزیزە. لەناو ئەو هەموو گرووپانەی هەن یان بەڕێوەبەرایەتییە کلتورییەکان و پەیمانگە و کۆلێژە هونەرییەکانیش هەر بۆ پیاو دانراون و ژن تێیدا فیگۆرێکی پاسیڤی وەلاخراوە.

*پێتان وایە قۆناغەکانی شانۆ پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای کوردیدا یان شانۆ و سیاسەت دوو ئاراستەی جیاوازن لە یەکتر؟*



سیاسەتی شانۆ، سیاسەت کردنە.. بەڵام چۆن؟ بە چ شێوازێک لەسەر شانۆ و لە نمایشێکدا بەرجەستەی دەکەیت؟ ڕەخنەگرتن، تەنز، شرۆڤەیە لە

چوارچێوەی تێکست یان بێ بوونی تێکستیش، لە ڕێـــی تەکنیکەکانی تری شـــانۆوە دەکرێ ئەنجام بدرێ. گرنگ تۆ ئامانجت چییە؟ ئێمە تا ڕادایەک بە هەڵە لە سیاســـەت لەشـــانۆدا گەیشتووین، وا دەزانین گوتنی شیعاراتە. هەندێ کات باسکردن لە خێزانێک لە ئەمڕۆدا سیاســـەتە، نورای ئەپسن شانۆیەکی سیاسییە. بەڵام دایکە ئازاکە بە قەولی بریخت خۆی سیاسی نییە. یان نایەوێ بیکاتە ئەو قاڵبەوە کە ئێمە لامان شـــانۆنامەیەکی سیاسییە. مـــن وەک ئەکتەر لە دوو شـــانۆنامەدا لە ئەڵمانیا ڕۆڵ دەبینم، دوو شانۆنامەی سیاسین، یەکێکیان واقعی نـــاو کارگەیەکی چنینە. ئـــەوی دیکەیان واقعی ژیانـــی ژن و کۆمەڵگەیـــە، ڕووداوەکانیان یەکێکیـــان لـــە کارگەیەکـــە و ئەویتریـــان لـــە حەمامێکی ژناندایە. هەروەها بەشداریم لە سێ بۆ چـــوار کاری پێرفۆرمانس هەیە، کـــە هەموویان سەرچاوەیەکی سیاسییان هەیە. شانۆیەک باس لە ئێستە و ئەوڕۆی کوردبکات سیاسییە.

*ئێـــوە لـــە دەرەوەی کوردســـتان ئەزموونتان لە بواری شـــانۆدا هەیە و لەوێش لەگەڵ هونـــەری هونەرمەندانی شـــانۆکاردا تێکەڵاوییەکتـــان هەبـــووە، پێتـــان وایە ئەو ئەزموونە چییە لە شانۆی وڵاتانی ئەوروپیدا کە پێویستە کورد کەڵکی لێ وەربگرێت؟*



جیاوازییـــەکان زۆر زۆرن. هـــەر لە سەرەتای پرۆسە شانۆییەکە، یاخود شـــێوازی بەڕێوەبردن و سیستەمی شـــانۆ، جیاوازی هەیە. کە باســـکردن لێی زۆر بەرفراوانـــە.. بـــەراوەردی بکەیـــن، دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئێمە خاوەنی شانۆ نین. تەنیا خۆمان پێوە ســـەرقاڵ کردووە. بە داخێکی زۆرەوە ئەمە ئەڵێم دوای تەمەنێکی زۆری سی و شەش ساڵم لەشـــانۆی کوردیدا و پێنج ساڵی کارکردنم وەک ئەکتەر لە شـــانۆی ئەڵمانیدا، جیاوازی لەهەموو ســـوچێکدا دەبینرێ. لەخودی تێگەیشـــتن لە شـــانۆوە تا دەگاتە شـــێوازی فرۆشتنی بلیت کە سادەترین شـــتە. ئەو ئەزموونەش تەنیا گۆڕینی سستەمی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی شانۆیە.

*ئەمەوێ بەراوردێکمان هەبێت لە نێوان ئەزموونی ژنی کورد لە بواری شانۆ لە کوردســـتان و لە دەرەوەی کوردستان، ئێوە چۆن پێناسەی ئەم دوو ئەزموونە دەکەن؟*



کاتێ شـــانۆ لـــە نێـــوان ئەوروپا و کوردســـتان جیاوازیی نێوان ئەرز و ئاســـمانی هەبـــێ، دەبـــێ لـــە شانۆکارییشدا هەروابێ، من هەڵبەتە مەبەستم لە توانا و بەهرە نییە، ، ژنی شانۆکاری کورد هیچی کەمتر نییە لە ژنە شـــانۆکارێکی ئەورووپی. ژنە شـــانۆکارە ئەوروپییەکـــە بەهـــۆی کارکردنـــی بەردەوامـــی لەســـەر ســـتەیج، تواناکانی خۆی دەناســـێت و خودێکی ئازادی هەیە. زۆربەی ژنە شـــانۆکارە کوردەکان، بە هۆی ئەوەی بواریان بۆ نەڕەخســـاوە، توانای تەواوی خۆیان تا ئێســـتە نەناسیووە. هەربۆیە سەرەتاش ئاماژەم بەوە دا کە ڕۆڵێکی پاسیڤیان دراوەتێ بۆ نموونە ئایا دەتوانێ ســـەما بکات؟ چ جـــۆرە ســـەمایەک دەزانێت؟ جەســـتەی وەک ژن و ئەوســـا وەک شـــانۆکار دەناسێت؟ لە چەند خول و ڕاهێناندا پەروەدەی دەنگی خۆی کردووە؟ ڕۆژانەی خۆی لەدەرەوەی شانۆ بەچییەوە ســـەرقاڵە؟ لەچ بوارێکی دیکەی داهێناندا کاردەکات؟ چالاکییە مرۆڤایەتییەکانی چین؟ مەعریفەی شـــانۆ و ژیان و ڕۆشنبیریی تا چ ئاســـتێکە؟ ئەمە شـــانۆکاری پیاوی کوردیش دەگرێتـــەوە. شـــانۆکاری ژنی ئەوروپـــی ئەمانە دەزانێـــت، بە حوکمـــی ســـتراتیژیی کارکردن لەشـــانۆدا، بێ لـــە پـــەروەردە ی کۆمەڵایەتی و فێرکردن و پەروردەکردنی لە فێرگە جیاوازەکانی قۆناخی ژیانیـــدا. وە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژنی شـــانۆکار، کە هێشتا ژنی شانۆکاری کورد بەمانە نەگەیشتووە. دەنا توانا و بەهرەیەکی باشی هەیە بەداخـــەوە لە چوارچێوەیەکی ســـتدا زیندانی کراوە.

*لـــە بیرکردنـــەوەی فرمێســـک مستەفا، ژن چ پێگەیەکی لە دەقی شانۆکاندا بووە. ئایـــا هەوڵـــت داوە نوێنەرایەتیی ژنی کـــورد بکەی و ئازار و مەینەتی و بێ مافیی ژنان بنوێنی؟*



ماوەی چەند ســاڵێک گۆشـــەیەکم هەبوو لە ڕۆژنامەی هەولێر بە ناوی ( ئەفرۆدیـــت) لـــەو وتارانەدا هەوڵم دابـــوو کە باس لە کەســـایەتییەکی ژن بکەم لە یەکێک لە تێکســـتە شـــانۆییەکاندا و شرۆڤەی ڕۆڵی ئەو کەسایەتییە و گرێدانی  بە ئێستەوە و بەتایبەتی لە کۆمەڵگـــەی کوردیدا تا چەند ئەو کەســـایەتیە نزیکە لە ژنی کـــوردەوە. بۆ نمونە نـــورای ئەپســـن، گەر نـــورا بێتـــە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی، چۆن هەڵسوکەوت دەکات؟ و بڕیاری کۆتایی چۆن دەبێ؟

بـــۆ یەکەمین جـــار کە ئـــەم نمایشـــە لە نەروێژەوە هاتە ئەورووپا، لە وڵاتی ئەڵمانیا نمایش کرا. نورا ماڵەکەی جێنەهێشـــت بەڵکوو مایەوە. واتە هەڵبژاردنی ژنـــەکان  بە پێی  کۆمەڵگەکە بەرجەســـتەکردنەکەی دەگۆڕێـــت. گەرچی لە ئەورووپادا گوترا، دەنگی داخستنی دەرگاکەی نورا گەیشـــتە ئەورووپا. جا گەر ئەم بابەتە بگوازرێتەوە بۆ کوردستان، نورا لە مێردەکەی خۆش دەبێ و بەهۆی منداڵەکانییەوە بە بوکەڵەیی خۆی ڕازی دەبێ. هەروەها شانۆنامەی زریانی ئەستۆفیسکی لە ڕوســـیا. لە کۆتایی سەدەی هەژدە، ئەم دەقە نوســـراوە کە باس لە پەیوەندیی کوڕ و دایک و بوک دەکات. ژن ژن دەچەوســـێنێتەوە و دایک سالاری لە چوارچێوەی ماڵێکدا پەیڕەو دەکرێ.

شـــانۆنامەکانم بـــە تایبەتـــی ئەوانـــەی لە ئەڵمانیا بە ئەنجامم گەیاندن، دەســـپێکێک بوو بۆ فرمێســـکی ژن، چۆن بگـــەڕێ بە دووی ئەو ڕۆڵانەدا کە گوزارشـــت لە پێگەی ژن بکەن. بۆ نموونـــە چەندین کاری پیرفۆرمانســـیم کردووە، لەســـەر تاوانـــی ژن کوشـــتن، یەکێـــک لەوانە چیرۆکی مەرگی ئەرخەوانیی مەهاباد قەرەداخی بـــوو، کـــە بـــۆ هەفتـــەی بەرەنـــگار بوونەوەی توندوتیژیـــی دژ بەژنان، لە چەندین شـــارۆچکە لە کوردســـتان پێشکەشـــم کرد، پێرفۆرمانسی سەرشـــەقام لە هەشتی مارســـدا لە سلێمانی و ڕانیە و خانەقین و کەلار پێشکەشـــمان کرد، کە بۆ سنوور کرا و باسمان لە کارەساتی ژن کوشتن و چەوســـاندنەوەی کرد. دەقی شیعری مەهاباد قەرەداخـــی بوو، مۆنۆلۆگێکم بۆ دوعا نووســـی و دەمودەســـت دوای بەردباران کردنەکەی بوو، لە شاری شتوتگارت نمایشـــم کرد. بێ لەو هەموو دەقانـــەی کە وەک خودی ئەکتـــەری ژن ڕۆڵم بینیوو.

هەروەها گوزارشـــت لـــە ژنی ئەنفـــال، لە سەرگوزشـــتەی دەفێک. مۆنۆدرامـــای تارمایی ژنێک کەخۆم کاری دەرهێنان و نواندنم بۆ کرد. لـــەم تەمەنە و دوای ئەو ئەزموونەی لە شـــانۆدا هەمە، ئارەزووی تەنیا ئەوە دەکەم دەنگی ژن بم لەســـەر سەکۆ، چ وەک فرمێسکی ژن دەست لە شـــانۆ هەڵنەگرم و بتوانم بەرگری لە مرۆڤایەتی بکەم لەسەر سەکۆ، چ وەک فرمێسکی شانۆکار، ئەو لێپرســـراوێتییە و وەســـێتەی باوکم کردییە سەرشـــانم لەیەکـــەم  هەنگاوم بـــۆ چوونە ناو دونیای خوێندنی شـــانۆ، کە پێی گوتم: ئیدی تۆ ســـەربازی ناو جەنگی، کـــەی هێرش کرا، دەبێ تـــۆ ئامادە و پڕچەک بیت. ئەمە بووە فەلســـە و موتیڤی کارم لەشـــانۆدا. ساڵی ٢٠١٣ دیداری خانمانی شـــانۆم ڕێکخست، ســـێ ڕۆژی خایاند، کـــە بە چالاکیی جۆراوجـــۆر و گۆڕینەوەی ڕا و گفتوگۆ لەســـەر ئەوەی ئاریشەکانی بەردەم ژنی شـــانۆکاری کـــوردان چین و چۆن چارەســـەر بکرێن؟ یادداشتمان نووسی  بۆ چەندین لایەنی پەیوەندیدار، ئەوە بوو بەداخەوە جەنگی ڕەشـــی داعش یەخەی گرتین و نەمانتوانی هەنگاوی تر هەڵبهێنین. بەڵام دڵنیام دیدار زیندوو دەبێتەوە و ژنانی شـــانۆکار، یادداشـــتەکان جارێکی دیکە دادەڕێژنـــەوە و تەمەن بوار بـــدات، هەردەبێ بۆ ژنانی شـــانۆکاری کورد، هەموو هەوڵ و توانام بۆ ماف و ڕۆڵی حەقیقیی ئەوان، بخەمە گەڕ.